Zanco Journal of Human Sciences

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.1.4

# شەرمنی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی قۆناغی یەکەمی زانکۆی کۆیە لە دەوامی بە یانیان بە پێی هەندێ گۆڕاوی دیمۆگرافی بۆ ساڵی خوێندنی (2023-2024)

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Shahahen Raoof Awla
Shahen.rawf@koyauniversity.org

RECEIVED :12 /07/2024
ACCEPTED :18/04/ 2025
PUBLISHED :15/02/ 2026

**شەهێن ڕۆوف عولا/** بەشی پەروەردەو دەروونزانی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە/هەولێر ،هەرێمی کوردستان،عیراق

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو، لە زانینی ئاستی شەرمنی کۆمەڵایەتی لای نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی گشتی، دۆزینەوەی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی شەرمنی کۆمەڵایەتی بەگوێرەی گۆراوە دیمۆگرافییەکانی (داهاتی مانگانەی خێزان، ریزبەندنی لەدایکبوون، فاکەڵتی)، ڕێبازی توێژینەوەکە وەسفی بەراوردکاریی بوو ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری ڕاپرسی (سلیمان، 2020) بەکارهێنرا بوو، سەرجەم تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکان لە ڕاستگۆی و جێگیری بۆ دەرکراوبوو، کۆمەڵگای توێژینەوەکە خوێندکارانی قۆناغی یەکەم لە زانکۆی کۆیە ژمارەیان (598) خوێندکار بوو، نموونەی توێژینەوەکە بریتیبوون لە (150) خوێندکار لە قۆناغی یەکەم بەشێوەی هەرەمەکی چینی یەکسان هەڵبژێردرابوون، ئەمەش بەڕێژەی (25%) کۆمەڵگای توێژینەوەکەی بەشداری توێژینەوەکەی پێکردبوو، تەکنیکە ئامارییەکان (ناوەند، لادان لە ناوەند، تی تێستی یەک گرووپی سەربەخۆ، ئەنۆڤا، تاقیکردنەوەی ئاسایی، دەرئاسا) بەکارهێنراوبوون، ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوت، نموونەی توێژینەوەکە شەرمنیان هەبوو بە شێوەیەکی بەڵگەدار، بەڵام لە ئاستێکی نزمدابوو و دەکەوێتە نێوان بژاردەکانی (جاروبار و هەندێکجار)، جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان شەرمنی کۆمەڵایەتی و گۆراوە دیمۆگرافییەکان بەدیدەکرا و شەرمنی کۆمەڵایەتی لای ئەو خوێندکارانەی داهاتی مانگانەی خێزانەکانیان کەمتربوو لە (500000) پەنجا هەزار دینار، بەرزتربوو بەراورد بە ئەو خوێندکارانەی داهاتی مانگانەی خێزانەکانیان لە نێوان (1000000) یەک ملیۆن و وسەرووی 1000000) یەک ملیۆن دابوو)، شەرمنی کۆمەڵایەتی لای منداڵی نۆبەرە بەرزتربوو بەراورد بە منداڵی ناوەڕاست و منداڵی کۆتا، شەرمنی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی فاکەڵتی پەروەردە بەرزتربوو بەراورد بە خوێندکارانی فاکەڵتییەکانی زانستە مرۆڤایەتیوکۆمەڵایەتییەکان و فاکەڵتی ئەندازیاری، لە کۆتایدا لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە چەند ڕاسپاردەو پێشنیارێک خرابوونە ڕوو.

**وشە سەرەکییەکان:**
شەرمنی کۆمەڵایەتی،
خوێندکاری قۆناغی یەک،
گۆڕاوی دیمۆگرافی.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1 : ناساندن

### 1.1. پێشەکی

مرۆڤ بەسروشتیی خۆی بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی تێربکات و دەربڕین بۆ مەرام و مەبەستەکانی بکات، دەبێت پەیوەندی بە دەوروبەرەکەیەوە بکات. لە ڕووی مێژووییەوە شەرم پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی بووە و ڕەنگدانەوەی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان بووە، سەرەتا لە ئینگلتەرا ئەو نۆرمانە گرنگیان پێدرا لە وەرگرتنی پۆستەکان و دەسەڵات و تاکەکان، پێویستیان بە پاڵپشتی ئەوانی تربووە، لەبەر ئەو هۆکارە پێویستی بە تێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵ و دەوروبەر هەبووە، بۆ ئەوەی پاڵپشتی ئەوانی تر مسۆگەر بکات و بتوانێت بێتە ناو خەڵکەوە (Bates& LaBrecque,2020: 5) شەرمنی کۆمەڵایەتیش بەواتای ئەوە دێت، تاک هەست بە ئاسودەی ناکات لە تێکەڵبوون ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوانی تر وا بیردەکاتەوە هەموان چاویان لەسەریەتی خاڵە باش و خراپەکانی ئەژمار دەکەن (محمد،2021، 273)، لیندس و هاوڕیکانی لە ساڵی (1995) توێژینەوەیەکیان کرد تێبینیان کرد تاکەکان هەست بە شەرم دەکەن و ئارەزووی دورکەوتنەوە دەکەن، لە ناو کۆمەڵگە چونکە ئەزموونی هەستکردن بە شەرم دەکەن لە چاوی ئەوانی ترەوە و پێمان وایە لەلای ئەوانەوە کەسانی بێبایەخین (Van, 2008. 233) زۆربەی توێژینەوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە شەرم هەستێکی نەرێنییە، سەبارەت بەخود و خۆ بەکەم بینیە لەلای ئەوانی تر، ئەوەش وادەکات تاکەکە نەتوانێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ دەوروبەرەکەی هەست بە ڕاڕایی و بێ متمانەیی بکات (نور العابدین و سحر،2017. 301)

### 2.1. کێشەی توێژینەوەکە:

تاک بە درێژای ژیانی بە بەردەوامی دووچاری هەل و مەرج و گۆڕانکاری لە ناکاو، دەبێت پێویستە خۆی لەگەڵ ئەو هەلومەرجانە بسازێنێت، لەو سەردەمەی ئێستاشدا کە بەسەردەمی لوتکەی سەرکەوتنەکانی مرۆڤ دادەنرێت، لە بواری تەکنەلۆژیاو پەیوەندی کردن دا کارئاسانییەکی زۆر باشە لە وەدەست خستنی زانیارییەکان، بەڵام کاتێک خوێندکارەکان دەدوێندرێن توانای گفتوگۆیان نییە و دەمیان تەتەڵە دەکات لە کاتی قسەکردندا، لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بڵێین ئەمە نەک نەبۆتە هۆکارێک بۆ کەمکردنەوەی شەرمنی، بەڵکو زۆرێک لە تاکەکانی پەیوەست کردووە بە شاشەیەکەوە دووریخستۆتەوە لە پەیوەندی کردن و گۆڕینەوەیرا لەگەڵ تاکەکانی دەوروبەری خۆی، ئەمەش لای زۆرێک بۆتە گرفت، بەتایبەت لای ئەو تاکانەی ناچارە بێتە ناو کۆمەڵگا، وەک سەرەتای چۆنی بۆ خوێندنگا بۆ زانکۆ، بۆ کۆمپانیایەک، بۆ دەستکردن بەکار لە شوێنێکی نوێ...هتد، وا گومان دەکرێت بوونی شەرم لەلای ئەو خوینکارانە کە تازە هاتونەتە زانکۆ ئاستەنگێکە لەبەردەمیان و توانای کارلێککردنی خوێندکاران لەگەڵ ژینگە نوێیەکییان سنووردار دەکات، بە واتای زۆرێکیان دووچاری گۆشەگیری کۆمەڵایەتی دەبن، ئەوەی دركی پێدەكرێت، لەو چەند ساڵەی تێبینمان کردووە، دیاردەی شەرمنی کۆمەڵایەتی لەناو خوێندکاراندا لە ساڵی یەکەمی هاتنیان بۆ زانکۆ بە ئاستێکی بەرچاو هەستپێدەکرێت، بەگەڕانەوە بۆ بەڵگە فەرمییەکان لە بەڕیوەبەرایەتی تۆمارگای گشتی خوێندکاران، بەشێکی زۆری خوێندکاران لەو بەشەی لێی وەرگیراون داوای دابەزین، یان گواستنەوە دەکەن بۆ بەشێکی تر لەشارەکەی خۆیان، چونکە وا بیردەکەنەوە ئەگەر لە شاری خۆیان بن ناوەندی تێکەڵ بوون لەگەڵ کەسانی تر، کە بەشە ناوخۆییە بە دووردەبن، ئەوەش بۆ ئەوانە جۆریک لە ئارامی دەروونییە هەروەک زۆرێک لە سەرۆک بەش و مامۆستاکان مامەڵە لەگەڵ خوێندکارانی قۆناغی یەکەم دەکەن، تێبینیان کردووە لە ساڵی یەکەمیاندا بەشێکی خوێندکارانی تازە وەرگیراو خێزانەکانیان هەراسانکردووە نایانەوێت لە زانکۆ بخوێنن، یان بچنە بەشە ناوخۆییەکان، چونکە ڕەنگە لایان وابێت لە زانکۆ ڕووبەڕووی ڕەخنە ئەبنەوە، ئەوەی هەستی پێدەکرێت، خوێندکاران لە قۆناغی یەکەمدا بە هەموو شێوەیەک خۆیان لە چالاکییە بە گرووپەکان بەدوور دەگرن، هەرچەند لە لایەن مامۆستاکانەوە ناچاردەکرێن بۆ ئەوەی بە گروپ چالاکییان هەبێت، ئەمەش کاردەکات لە توانای ئەکادیمییان، هەرچەند زیرەک و لێهاتوش بن، وا تێبینی دەکرێت، چونکە شەرمنن گفتوگۆی ئەکادیمی ناکەن بەشداری چالاکییەکانی پۆل وەک گفتوگۆو سیمینا و پرسیارو وەڵام ناکەن هەروەک لە توێژینەوەی(دلیمی و العزی

2011) دەرکەوتبوو ئاستی شەرمنی کۆمەڵایەتی کاریگەری هەیە، لەسەر بەدەستهێنانی ئەکادیمی لای خوێندکارانی قۆناغی سێیەم لە زانکۆی دیالە (دلیمي و العزي،2011، لا، 148). هەموو ئەوانەی لەسەرەوە باسکران وەک کێشەیەک سەیردەکرێت و سەرنجی توێژەری ڕاکێشا بۆ ئەوەی توێژینەوەیەک دەربارەی شەرمنی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی قۆناغی یەکەم ئەنجامبدات بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارەی (ئایا ئاستی شەرمنی کۆمەڵایەتی خوێندکاران چەندە و شەرمنی کۆمەڵایەتی لەلای خوێندکارانی قۆناغی یەکەمی کام فاکەڵتی زانکۆی کۆیە بەرزترە؟ ) .

### 3.1. گرنگی توێژینەوە:

گرنگیدان بەپێگەیاندن پەرەپێدانی تاکەکان ئامادە کردنیان بۆ ناو کۆمەڵگە، یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی دایک و باوک، دوای باوان کەسانی بسپۆڕیش گرنگیدان بە تایبەتمەندییە کەسیەکان و لێکۆڵینەوە دەربارەیان ئەو ئەرکەیان دەکەوێتە ئەستۆ، شەرمنیش وەک لایەن و پێکهاتەی بوونی کەسێتی تاکەکان یەکێکە لەو چەمکە گرنگانەی سەرنجی توێژەرانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، ئەوەی زاناکان و توێژینەوە زانستییەکان لەسەری کۆکن، هەمو مرۆڤێک بڕێک شەرمی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەمەش بەبارێکی ئاسایی ئەژمار دەکرێت، بەجۆرێک هەستنەکردن بە شەرم لە ئاستی دەرونیدا لای تاکەکان بۆ هەموو بارودۆخەکانی ژیان بە دیاردەیەکی سەیر، یان نامۆ دائەنرێت، شەرم دەبێتە بارێکی نائاسایی، ئەگەر تۆند بێت، یان ببێتە هۆی ڕێگری لە گەشەی کەسی کارلێکی کۆمەڵایەتی تاک سنووردار بکات (النملة، 1990: 20) و ئەم دیاردەیە لە گروپە تەمەنە جیاوازەکاندا بڵاو دەبێتەوە، یەکێکە لە دیاردە فرە ڕەهەندەکان ئەمەش لە لێکۆڵینەوەکاندا پشت ڕاستکراوەتەوە ئاستەنگی زۆر لە ژیانی مرۆڤدا دروست دەکات، لە ناخی تاکەکە خۆی هەستی بێمتمانەیی بەخود و نەبوونی توانا لە دەربڕین و هەستەکانی دێنێتە ئاراوە، گرفتەکانی زیاد دەبێت، بەتایبەتی کاتێک ناکۆک دەبێت، لەگەڵ توانای هاوڕێیەتیدا، یان کاتێک وایلێدەکات هەست بە ناخۆشی بکات، لە ئامادەبوونی لەناو ئەوانی تردا و هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی نەتوانێت دەستکەوتێکی باش بەدەست بهێنێت، کاریگەری لەسەر ژیانی زانکۆی هەبێت، چونکە متمانەی بەخۆی نابێت و ناتوانێت پرسیار لە مامۆستاکەی بکات (السبعاوي،2009: 4)، ئەم کاریگەرییە نەرێنییەی شەرمنی لەوانەیە یەکێک بێت، لەو هۆکارانەی دەبێتە هۆی لاوازی لە دەستکەوتدا، زۆرینەی خوێندکارە شەرمنەکان بە تایبەتمەندییە هاوبەشەکانەوە، ئەژین ئەویش نەبوونی جوڵەو نەبوونی کارلێکە لەگەڵ مامۆستایان و هاوڕێیانیان دوودڵی و ڕاڕایی لە وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێک کە ئاڕاستەیان دەکرێت (الشربيني،2001: 93)، هەروەها (ئەلخەساونە،2012) ڕوونی دەکاتەوە دەبێت گرنگی بە دیاردەی شەرمنی کۆمەڵایەتی بدرێت، چونکە بەهۆی شەرمەوە چەندین گرفتی وەک (دوورکەوتنەوە لە پەیوەندی کردن، وابەستەبوون بە هاوڕێیەتی تەنها یەک کەس، لاوازی لە متمانە بەخۆبون) ڕوودەدەن، جگە لەمانەش لە دەرئەنجامدا شەرم دەبێتە هۆکارێک بۆ نەبوونی لێهاتووی پەیوەندیدار بە کارەوە (الخصاونة 2012: 43)، توێژینەوەیی (کاڤیتا و کۆپلین،2003) کرا بۆ دەرخستنی ڕادەی پەیوەندی لەنێوان شەرمنی و گونجانی دەروونی لە توێژینەوەکە، ئەوە ئاشکراکرا کە تا ئاستی شەرم بەرز بێت، ڕادەی گونجانی دەروونی کەمدەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە گرفت بۆ تاک و ناتوانێت ڕووبەڕووی سەختییەکانی ژیان ببێتەوە بوونی بچوکترین گۆڕانکاری شڵەژان لە کەسێتیان ڕووئەدات دووچاری دلەڕاوکی و نیگەرانی ئەبن لە تێپەڕاندنی بەربەستەکانیان (kvita&coplen,2003, p. 31) وەک زانراویشە شەرمنی کاریگەری هەیە، لەسەر توانای بەدەستهینانی ئەکادیمی لەمبارەیەوە توێژینەوەی (هۆجیوس و کاسلین،2008) دەریانخست تا شەرمنی کۆمەڵایەتی بەرز بێت، بەدەستهێنانی ئەکادیمی نزم دەبێتەوە، واتە پەیوەندیەکی پێچەوانە لەنێوان شەرمنی کۆمەڵایەتی و بەدەستهینانی ئەکادیم هەیە (Hojuce&kathlin,2008, p. 19).

گرنگی ئەم توێژینەوەیە بەدەردەکەوێت لە چەند لایەنێکەوە، کە ئەتوانین بەم شێوە باسیان لێوە بکەین:

1 –ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی بیردۆزییەوە هەوڵئەدات تیشک بخاتە لەسەر چەمکی شەرمنی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی بواری دەروونزانیە بە گشتی و گونجانی کۆمەڵایەتی بەتایبەت.

2 –ئەم توێژینەوەیە وەکو سەرچاوەیەکی باش دەمێنێتەوە دەکرێت کتێبخانە کوردییەکان سودی لێببینن بۆ ئەوەی تاکەکان زیاتر خوێندنەوەیان فراوان بکەن، لەسەر بابەتی شەرمنی کۆمەڵایەتی.

3- له ڕووی جیبەجێکردنەوە پێوانە کردنی ئاستی شەرمە لەلای خوێندکارانی قۆناغی یەکەمی زانکۆ، بەپێی زانیارییەکانی توێژەر، تا ئێستا توێژینەوە لەسەر نموونەیەکی هاوشێوە ئەنجامنەدراوە.

**4.1 ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە:**

1 -پێوانە کردنی ئاستی شەرمنی کۆمەڵایەتی لای نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی گشتی.

2 -دۆزینەوەی جیاوازی لە ئاستی شەرمنی کۆمەڵایەتین، بە گوێرەی گۆڕاوەکانی (شوێنی نیشتەجێبوون، داهاتی مانگانەی خێزان، ڕیزبەندی لە دایکبوون).

**5.1. سنووری توێژینەوەکە:**

سنووری کاتی: ساڵی خوێندنی.(2023_2024)

سنووری شوێنی: زانکۆی کۆیە لە شاری کۆیە.

سنووری مرۆیی: خوێندکارانی قۆناغی یەکەم ئەندازیاری لە دەوامی بەیانیان لە زانکۆی کۆیە لە فاکەڵتییەکانی (پەروەردە، زانستە مرڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان) .

سنووری بابەتی: پێوانی چەمکی شەرمنی کۆمەڵایەتی.

**6.1. پێناسەی چەمکی شەرم:**

1.6.1.شەرمنی بە گوێرەی فەرهەنگی ستاندفۆرد- 2001) ترسێکی زۆری زەلیلبوونی خودە لە کات و شوینی ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ  بارودۆخە کۆمەڵایەییەکان. (Zimbardo,Hendorson,2001: 635)

2.6.1.   شەرمنی کۆمەڵایەتی (السبعاوي،2010) مەیلی دوورکەوتنەوەی کۆمەڵایەتی و کارلێکی کۆمەڵایەتییە، شکسهێنانە لە بەشداری گونجاو لە بارە کۆمەڵایەتییەکان (السبعاوي، 2010 :45) .

3.6.1.شەرمنی بەگوێرەی فەرهەنگی (APA –2015) مەیلێکی نائاسی لە نیگەڕانی و هەستکردن بە ڕاڕاییە لە کاتی ڕووبەڕووبونەوەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، یان تێکەڵبون لەگەڵ کەسانی نامۆ، شەرم بەتەنها ڕەفتاری دوورکەوتنەوە ناگرێتەوە هەندێکجار سەردەکێشێت بۆ تورەی و تۆڵەکردنەوە(Hay,et al,2015: 978).

4.6.1  شەرمنی کۆمەڵایەتی (سلیمان،2020) دورکەوتنەوەی خوێمندکارە لە هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان و نەتوانین لە کارلێککردنی ئەرێنی لەگەڵ دۆخە کۆمەڵایەتییەکاندا (سلیمان،2020: 11).

5.6.1.  پێناسەی تیۆری: توێژەر پێناسەی سلیمان (2020) وەک پێناسەی تیۆری دیاری دەکات.

6.6.1.پێناسەی ڕێککاری: تێکڕایی ئەو نمرەیەیە نموونەی توێژینەوەکە بە دەستی ئەهێنن، لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی برگەکانی پێوانەی شەرمنی کۆمەڵایەتی، کە لەم توێژینەوەیە بەکارهاتووە.

**2. چوارچێووەی بیردۆزی و توێژینەوەکانی پێشوو:**

**یەکەم بیردۆزەکان :**

**2-1-1 -بیردۆزی شیکاری دەروونی:**

کەسێتی مرۆڤ لە ڕوانگەی (فرۆید) پێکهاتووە لە سێ بەش (ئەو، من، منی باڵا) ئەم سێ پێکهاتەیە، بەردەوام لە ململانێدان لە پێناو وزەی دەروونی، ئەو زۆرجار بە ئاژاوەگێڕ، یان بنەمای حەز ویست و ئارەزووەکانەو بزوێنەری تاکە، لە کاتێکدا من پەیوەستە بە واقیع و ڕاستییەکان بەپێی بنەمای ڕاستییەکان کاردەکات، منی باڵا سەرۆک و پێشەوای ژیری و کەسێتی مرۆڤە لە تەمەنی پێنج ساڵان بۆ تاک دروستدەبێت (النيال، 1999 : 18)، لە ژیان سەرقاڵبوون لەژێر درۆشمەکانی ئەودا تاک دووچاری گرفتی شەرمنی کۆمەڵایەتی دەبێت، هەندێکجار بەشێوەی نەرگسی لەتاکەکەدا دەردەکەوێت، هەر لەبەر ئەمەش شەرمنی لەگەڵ هەندێ باردا بە دۆژمنایەتی شەرانگێز دەناسرێت (دلة, 2108م: 32)

بەشێکی تر لە پەیڕەوانی ئەم قوتابخانەیە وەک ئەلفێرد ئادلەرئەلێت هەست بەکەمی کردن دیاردەیەکی دەروونییە. وەک چەکیکی دوو لولە وایە لولەیەکیان باشەو لە خزمەتی مرۆڤدایەو دەبێت بە پاڵنەر و بیرکردنەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، بەڵام لولەی دووەمیان ترسناکەو درزی گەورە دەخاتەناو کەسێتی مرۆڤەوە (ئادلەر) دەڵێت: (ئەگەر ژینگەو خێزان لە کارەسات و ترس و خەم و خەفەت و دڵە ڕاوکێ بێت و مندالی نازدار و منداڵی بێزارو پشتگوێخراو پەروەردەکراو بە سزاو ئازاردان سوکایەتی پێکراو لە نرخ و بەهای کەم کرابێتەوە، ئەو کات هەستکردن بە کەمی دەبێت بە پەتێک و بەگەردنی ئەو مرۆڤەوە دەئاڵێت بەرەو لاسار و گۆشەگیری ڕەشبینی ئەبات، بەردەوام بوونی ئەو بارودۆخەش دەبێتە هۆی ئەوەی وردە وردە، ئەم ترس و خەم و خەفەتە هەستکردن بە کەمییە بگوازرێتەوە بۆ نەست و بە خەفەکراوی بمێنێتەوە) (Elison,2014: 451). بیردۆزی ئادلەر بەو مانایەی مرۆڤەکان بونەوەرێکی کۆمەڵایەتین، هەر بۆیە هەموو ڕەفتارەکانیان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە چەسپاون و مانای کۆمەڵایەتیان هەیە، ئادلەر جەختی لە گرنگی پەیوەندیەکان پەیوەست بە کەسانی تر کردەوەو، بە تایبەت ئەو کۆمەڵگەیەی کە مرۆڤ تێیدا ئەژیت، بوونی شەرمیش جۆرێک لەشەلەل بوون دروست دەکات، لە ڕێکردن لەگەڵ هاوشانی کۆمەڵ و کەسانی دەوروبەر (Migalsk i &others, 2017: 8)

## 2-1-2 -بیردۆزی ڕەفتاری زانەکی(مەعریفی) :

ئەم تیۆرە لەلایەن (زیمباردۆ) وە پێشنیار کراوە و جەخت دەکات لە شەرمنی کۆمەڵایەتی، بەجۆرێک لەترسی کۆمەڵایەتی لێک ئەدرێتەوە، تاکەکە هەست بە دڵەڕاوکی و شڵەژان دەکات و سەری لێئەشێوێت کاتێک لەگەڵ کەسانی ترە، ئەمەش وادەکات دوورکەویتەوە لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان بێتوانایی لە بەشداریکردن لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان، زیمباردۆ دەڵێ: (شەرمنی چەمکێکی فرەڕەهەندە، لە نێو تاکەکاندا باوە و هەستە جیاوازەکانی ترس، سەختی لە نمایشکردن لەبەردەم کەسانی تردا، دڵەڕاوکێ لە قسەکردن، ترس و دڵەڕاوکێ بەرامبەر بە ڕەگەزی بەرامبەر لەخۆدەگرێت). هەروەها زیمباردۆ شەرمنی بە کاردانەوەیەکی کەسی ئەزانی کە بەها کۆمەڵایەتییە باوەکان دروستیان کردوە Zimbardo and Henderson, 1996: 18)، بەگوێرەی ئەم تیۆرە شەرم چەند بنەمایەکی هەیە:

### 1-2-1-2 -بنەمای شەرمی ترس:

ئەم شەرمە دەگەرێتەوە بۆ ساڵەکانی سەرەتای تەمەن نیوەی ساڵی یەکەم لە تەمەن، کە ناسراوە بە دڵەڕاوکێ لە کەسانی نامۆ، لەوکاتەی کەسانی نامۆ لە دەوروبەریەتی ئەو هەستکردن بە ترسە لێیان، دەبێتە جۆرێک لە شەرمنی کۆمەڵایەتی و هەستکردن بە بێزاری لە تێکەڵبوون لەگەڵ کەسانی تردا، ئەم جۆرە لە شەرمنی لای منداڵان لە سەرووی شەش مانگ لایان ڕوودەدات، هەندێکجار بە جۆرێک لە گونجان سەیردەکرێت لەگەڵ کەسانی نامۆ

.

### 2-2-1-2- بنەمای شەرم لە ئەنجامی هۆشیاری خودی:

مرۆڤ تاکێکە توانای پەیپێبردنی بە خودی خۆی هەیە، لە کاتێکدا تاک هەستدەکات لە ژێرچاودێری ئەوانی تردایە، جۆرێک لە هەستکردن بە شەرم و تەریقبونەوەی لا دروستدەبێت، ئەم هەستکردنەش لە ساڵەکانی (4-5)ی تەمەن دروست دەبێت، بە واتای ئەو تاکە هەستی شەرمنی لا دروست دەبێت، لە ئەنجامی بە کۆمەڵایەتی بوون (Zimbardo and Henderson,2001, 5).

## 2-2 -پێکهاتەکانی شەرمنی کۆمەڵایەتی

### 1-2-2 پێکهاتەی هەڵچونی:

بەدەردەکەوێت لە ڕیگەی ئاگادار کردنەوەی ئەو هەستە دەروونیانەی پاڵ بە تاکەوە دەنێت، بۆ وەڵامدانەوەو دورخستنەوە و کشانەوە بۆ دوور لە سەرچاوەی ئاگادار کەرەوەکە (علاالدين كفافي، 1994: 85).

### 2-2-2 پێکهاتەی مەعریفی :

خۆی دەنوێنێ لە زۆر ئاگاداربوون لە خود وەزیاتر هۆشیاربوون بۆی، هتد زانا ئایزینگ ئاماژەی داوە بەم پێکهاتانە بۆ پێناسەی چەمکەکە بریتییە لە (کەمی هەڵسوکەوتی دیار، ئاگا لێبونێکی زیاد لە پێویستی خود، هۆشیاری سەبارەت بەخود، ئاستەنگەکانی بڕواپێهێنان، پەیوەندی کردن) (مایسة النیال، 1999: 10).

### 3-2-2 پێکهاتەی ڕەفتاری:

تەرکیز دەخاتە لەسەر لێهاتووی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو کەسانەی شەرمنن وەسف دەکرێن، بە کەم و کورِی لە ڕەفتاری دیار، وە کەمو کورِی لە وەڵامدانەوەی دروست (الكتاني ، 2004: 39).

### 4-2-2 پێکهاتەی فسیۆلۆژی:

ئەوەش خۆی دەبینێتەوە لە زیادبوونی لێدانی دڵ و وشکبوونی ناو دەم و تۆندی لەخواردن و لەرزین (سناء ابوعجيلة، 2013 : 30).

### 3-2 -لایەنەکانی شەرم

### 1-3-2 -لایەنی هەڵچوونی:

لە کاتی بوونی وروژێنەرێکی دەروونی پاڵ بەکەسە شەرمنەوەکە بۆ وەڵامدانەوە ئەنێت و دورکەوتنەوە لە وروژێنەرەکە، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی ژمارەی لێدانەکانی دڵ سورهەڵگەڕانی ڕەنگی ڕووخسار ئارەقکردنەوەی ناو لەپی دەستەکان.

### 2-3-2 - لایەنی مەعریفی :

زانا ئایزینگ ئەم لایەنە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئاگاداربوونی خودی، هۆشیاری زیاتر بۆ خود ئاستەنگی لە ڕازیکردن و پەیوەندی کردن.

### 3-3-2- لایەنی ڕەفتاری:

ئەوەش بۆ لایەنی هەستکردن بە کەمی لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت دەگەڕێتەوە، هەروەها بە سەرنجدان لە توانا کۆمەڵایەتییەکاندا کەسە شەرمنەکان کاردانەوەیان لاوازە.

### 4-3-2 - لایەنی ویژدانی:

مەبەست لە هەستیاری و کەمی متمانە بەخۆبوونە لەگەڵ شڵەژانی پارێزی خودی (محمد، 2002 : 14).

### 4-2 -هۆکارەکانی شەرمکردن :

یەکەم: دانانی بەربەست و ڕێگر لەبەردەم تێکەڵاوبوونی تاک لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵگە، بە تایبەت لە تەمەنی منداڵیدا.
دووەم: لاسایکردنەوەی کەسانی دەوروبەور وەک لاسایی کردنەوەی دایک و باوکی شەرمن.
سێیەم: نازپێدانی زیاد لە پێویست جێبەجێکردنی هەموو پێداویستییەکان.(189 :franzone,2013 )
چوارەم تەریقکردنەوەو ڕوو شکانەوە تیرو توانج لێدان (27: Fortes, 2015)
پینجەم هەستکردن بەکەمی سەیرکردنی خود بە چاوی سوک، بە تایبەت ئەو کەسانەی کەموکورِیی جەستەیان هەیە (hejdenberg,2011: 1280).

**5-2 - نیشانەکانی شەرمکردن**

**1-5-2 -نیشانە ڕەفتارییەکان:**

أ/ کەمدووی و کەم قسەکردن لە کاتی ئامادەبوونی کەسانی تر

ب/ سەیرکردنی بەردەوام بۆ هەرشتێک کە گومانی لێدەکات.

ج/ خۆلادان و دوورکەوتنەوە لە چاوپێکەوتنی کەسانی نامۆ و نەناسراو .

ء/هەست بەبێزاریکردن و زمان گیران و تەتەڵەکردنی لە دەستپێکی قسەکردندا (العربي، 2006: 24).

ه/ نەبوونی توانای دوان و قسەکردن لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا وە نیشانەیەکی تر ڕەفتاری ئەخەنە ڕوو، ئەویش بوونی دڵەڕاوکێیەکی زۆر لەکاتی ئەنجامدانی کارێک، چونکە لە ئەنجامەکەی ئەترسێت شەرمەزار ببێت (سليمان، 2009 : 178).

**3-5-2 نیشانە هەڵچونی و دەمارییەکان:-**

سوربونەوە، خێرا لێدانی دڵ، ئارەقکردنەوە، هێڵنجدان، سەرئێشە، سنگ تۆندبوون، هەستکردن بە سەرگێژبوون، هەستکردن بە بێهێزی .(Arzit &Patel,2023: N0).

**6-2 تایبەتمەندییەکانی کەسی شەرمن:-**

خۆپارێزەو حەزی بە گۆشەگیرییە هەوڵی خۆشاردنەوە دەدات لە خەڵک دلە ڕاوکێییەکی زۆری هەیە، بە ئاسانی ئەشڵەژێت. بە بچوکترین کاریگەری دەوروبەر لەسەری ڕەنگی پێستی ئەگۆڕێت. متمانەی بەخۆی نییە. ڕەفتارو هەڵسوکەوتەکانی بۆ شکستخواردووی پۆلێن دەکرێن لە ژیانی تایبەتی (بدران ، 2003 :1).

**7-2 -توێژینەوەکانی پێشوو -:**

1.7.2.**توێژینەوەی (Kahraman Güler Pelin Hazer ،2022)** بە ناونیشانی ڕیزبەندی لە دایکبوون پەیوەندی بە دڵە ڕاوکێی کۆمەڵایەتی (شەرم بە نموونە)، ڕێبازی توێژینەوەکەی وەسفیی بوو، ئامانجیی توێژینەوەکەی بریتی بوو لە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان شەرمنی و ڕیزبەندی لەدایکبوون و زەبرو زەنگی منداڵی، نموونەی توێژینەوەکەی (456) ڕەگەزی مێ (270) و ڕەگەزی نێر (186) تەمەنیان لە نێوان (18-45) ساڵاندا بوو، ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی بریتی بوو پەیوەندییەکی ئەرێنی و مام ناوەند لە نێوان شەرم و ڕیزبەندی لەدایکبوون و زەبرو زەنگەکانی تەمەنی منداڵیدا هەبوو، منداڵانی ناوەڕاست لە هەردوو ڕەگەز ئاستێکی بەرزیان لە شەرم نیشانداوە .2.7.2. **توێژینەوەی ئەریج تەحسین سلێمان (2020)**: بەناونیشانیی شەرمنی و پەیوەندی بە پێنج فاکتەرەکەی کەسایەتی لە نێوان خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی لە پارێزگای نابلوسی فەلەستین، ڕێبازی توێژینەکە وەسفیی بوو، ئامانجی توێژینەوەکەی بریتیبوە لە دۆزینەوەی ئاستی شەرمنی لای نموونەی توێژینەوەکە، دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان شەرمنی کۆمەڵایەتی و پێنج فاکتەرە گەورەکەی کەسایەتی، کۆمەڵگای توێژینەوەکی بریتیبوو لە (6760) خوێندکار، نموونەی توێژینەوەکەی (300) خوێندکار، کەرەستە ئامارییەکان لە توێژینەکە بەکارهاتبوون (Person correlation, anova, percentage, Cronbach alpha, mean .SD)، ئەنجامی توێژینەوەکەی دەرکەوتبوو (ئاستی شەرمنی لای نموونەکە لە ئاستێکی ناوەندداا بوو، شەرمنی پەیوەندیەکی ڕاستەوانی بە فاکتەرەکانی دەمارگیری و میهرەبانی هەیە، وە پەیوەندیەکی پێچەوانە هەیە، لەنێوان شەرمنی و فاکتەرەکانی دەرەوەیی و ویژدان زیندووی

3.7.2.**توێژینەوەی (Dr. Nawal Hamid Mohammed hamid,2020 )** بەناونیشانی شەرمنی لەژێر ڕۆشنای هەندێ گۆڕاوی ئەکادیمی لای خوێندکارانی ڕەگەزی مێ لە فاکەڵتی زانست، ئامانجی توێژینەوەکەی دۆزینەوەی شەرم و پەیوەندی بە گۆڕاوی دیمۆگرافییەکانی بەدەستهێنانی ئەکادیمی و بەشی جیاواز لە فاکەڵتی زانست و تەندروستی، میتۆدی وەسفی بەکارهێنابوو، نموونەی توێژینەوەکەی لە (163) خوێندکار پێکهاتبوون لە ڕەگەزی مێ، ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی دەریانخست پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان شەرمنی کۆمەڵایەتی هەیە و بەدەستهێنانی ئەکادیمی، بەهەمان شێوە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیکرابوو لەنێوان بەشە جیاوازەکان و شەرمکرد بەشی ماتماتی ئاستێکی زیاتری

له شەرم نیشاندابوو بەراورد بە بەشی بەڕێوەبردن و ماڵداری .

**4.7.2. توێژینەوەی** ( **Assist. Proph. Khalid Yousf Asi, 2016**) بەناونیشانی ئاستی شەرمنی کۆمەڵایەتی لای خویندکارانی بەهرەمەند، بەپێی هەندی گۆڕاوی دیمۆگرافی، ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بوو لە دەرخستنی جیاوازی ئاستی شەرمنی کۆمەڵایەتی، بەگوێرەی گۆڕاوەکانی داهاتی مانگانەی خێزان، باری کۆمەڵایەتی خێزان، نموونەی توێژینەوە پێکهاتبوو لە (101) خوێندکار بەشێوەی هەرەمەکی هەڵبژێردرابون. ئەنجامەکان دەریانخست جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدی دەکرێت، لەنێوان شەرمنی کۆمەڵایەتی و داهاتی مانگانەی خێزان بەجۆرێک ئەو تاکانەی داهاتی مانگانەیان نزمە زۆر شەرمنن بەراورد بەو تاکانەی داهاتی مانگانەیان بەرزە.

**8.2. ڕادەی سود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو:** سەبارەت بە توێژینەوەی (Kahraman Güler Pelin ،2022 Hazer) توێژەر سودی لێوەرگرتووە بۆ شیکردنەوە و بەراوردکردنی ئەنجامی توێژینەوەکەی لە شەرمنی کۆمەڵایەتی پەیوەندی بە گۆڕاوی دیمۆگرافی ڕیزبەندی لە دایک بوون، چونکە سامپڵی توێژینەوەکەی تەمەنیان لە نێوان (18–45) ساڵیدایە نزیکە لە کۆمەڵگای توێژینەکەو هەردوو کۆمەڵگاکە لە قۆناغی گەنجیدان، بۆ توێژینەوەی (سليمان،2020) کە بەناونیشانی شەرمنی و پەیوەندی بە پێنج فاکتەرەکەی کەسایەتی لەنێوان خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی لە پارێزگای نابلوسی فەلەستین، توێژەر سودی لێوەرگرتووە لە دارشتنی ئامانجی یەکەمی توێژینەوەکەی و تەکنیکە ئامارییەکان بەراورد بە ئەنجامی یەکەمی توێژینەوەکە زۆر نزیکە لە توێژینەوەی ئێستا، کە بریتییە لە (ئاستی شەرمنی کۆمەڵایەتی لانموونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی ناوەندایە. هەروەها لە توێژینەوەکەی (Hamid,2020) سودی وەرگرتووە لە بەراودکردنی ئەنجامەکەی لە ئامانجی زانینی شەرم بە گوێرەی گۆڕاوی فاکەڵتی و بەش (بسپۆڕی جیاواز)، بۆ توێژینەوەکەی ( Asi 2016،) بەناونیشانی ئاستی شەرمنی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی بەهرەمەند، بەپێی هەندی گۆڕاوی دیمۆگرافی، توێژەر بۆ بەراوردکردنی ئەنجامی توێژینەوەکەی بە ئەنجامی توێژینەوەی ناوبراو سودی لێوەرگرتوە.

**3.ڕێککارییەکانی توێژینەوەکە:**

میتۆدی توێژینەوە کۆمەڵێک ڕێگا، یان شێوازە توێژەر لە ڕێگەیەوە هەموو زانیارییەکانی دەربارەی (کۆمەڵگا، نموونە، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری، تەکنیکی ئاماری) توێژینەوەکەی خۆی دەخاتەڕوو، ئەوەش ئاشکرایە میتۆدەکانی توێژینەوە زۆرن و جۆراوجۆرن. ئەمەش بەهۆی هەمەچەشنییەکی زۆری ئەو دیاردانەی کە لەژێر لێکۆڵینەوەدان (العمراني، 2013: 92).

**1.3.میتۆدی توێژینەوە:** میتۆدی توێژینەوەی وەسفیی بەکارهێنراوە، چونکە لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکە گونجاون.

**2.3.کۆمەڵگەی توێژینەوە:** کۆمەڵگەی توێژینەوەکە سەرجەم خویندکارانی قۆناغی یەکەم لە دەوامی بەیانیان لە فاکەڵتییەکانی (پەروەردە، زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەندازیاری) بۆ ساڵی خوێندنی (2023–2024) کە بریتیبون لە (598) خوێندکار (172) خوێندکار قۆناغی یەکەمیی فاکەڵتی پەروەردەبون، (214) خوێندکار قوناغی یەکەمیی فاکەلتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان بون، (212) خوێندکار لە قۆناغی یەکەمیی فاکەڵتی ئەندازیاری بوون وەک لە خشتەی (1) ڕوونکراوەتەوە:

**3.3 نمونەی توێژینەوەکە:**

دوای دەستنیشانکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە توێژەر دەستنیشانی نموونەی توێژینەوەکەی کرد، بەشێوەی هەرەمەکی یەکسان لە زانکۆی کۆیە لە فاکەڵتییەکانی (پەروەردە، زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەندازیاری) لە قۆناغی

یەکەم لە دەوامی بەیانیان، بە واتای لە هەر فاکەڵتییەک تەنها (50) خوێندکاری وەرگرت، کۆی گشتی خوێندکارەکانیان (598) خوێندکار بوون (150) خوێندکار بە شێوەی هەرەمەکی یەکسان هەڵبژێردران، هەروەک لە خشتەی (2) ڕوونکراوەتەوە:

### 4.3 ئامرازی توێژینەوەکە:

توێژەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکەی هەڵسا بە دیاریکردنی ئامرازێکی گونجاو بگونجێت، لەگەڵ نموونەی توێژینەوەکەی بۆ ئەم مەبەستەش پێوانەی (سلیمان،٢٠٢٠) بەکارهێنا، بە زمانی عەرەبی بوو لەلایەن (سلیمان) پەرە بە پێوەرەکە درابوو، لەسەروتادا (35) برگەبووە دوای دیاریکردنی تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکانی (31) برگە مابووەوە و پێوانەکە ڕەهەندی نەبوو، لە چوارچێووەی تیۆرییەکەی گەڕاوەتەوە بۆ بیردۆزی فێربوونی کۆمەڵایەتی ئەلبێرت باندۆرا و بیردۆزی شیکاری دەروونی.

بۆ ئەوەی پێوانەکە بگونجێت لەگەڵ کۆمەڵگای توێژینەوەکە، توێژەر ئەم هەنگاوانەی گرتەبەر:-

1.4.3 دەرکردنی ڕاستگۆی پێوانە:

بۆ دڵنیابوون لە گونجاوی پێوانەکە لەگەڵ کۆمەڵگای توێژینەوەکە و بەدیهێنانی تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکان، ئەم ڕێککاریانە ئەنجامدران:

### 1.1.4.3.ڕاستگۆیی زمانەوانی:

پێوانەکە لای بسپۆڕێکی زمانی عەرەبی کە زمانی کوردیشی دەزانی وەرگێڕانی بۆ کرا بۆ سەر زمانی کوردی، ئەو برگانەی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدرابوون، ئەمجارە پێوانەکە درا بە بسپۆڕێکی تری زمانی کوردی کە عەرەبییەکەشی زۆر باش بوو پێوانکەی کردەوە عەرەبی، لە پاشاندا پێوەرەکان بە زمانی عەرەبی درایە بسپۆڕێکی زمانی عەرەبی بەراوردی ئەم دوو عەرەبییەی کرد و ڕێژەی لێکچوونی پێوەرەکە لە جاری ڕەسەن جاری دوای وەرگێڕان بەراورد کرا ڕێژەی لێکچونیان بریتیبوو لە (97%) ئەوەش ڕێژەیەکی بەرزە و دەتوانرێت پشتی پێببەسترێت بۆ ئەوەی لە سەر نموونەی توێژینەوەکە جێبەجی بکرێت.

### 2.1.4.3.دەستنیشانکردنی ڕاستگۆی ڕواڵەتی پێوەرەکە:

بەمەبەستی دیاریکردنی ڕاستگۆی ڕواڵەتی توێژەر پێوانەکەی خستە بەردەستی (10) شارەزای بواری پەروەردەو دەرونزانی بۆ دیاریکردنی ئاستی ڕاستگۆی برگە و هەڵبژاردنەکانی پێوەرەکە و داوا لە شارەزایان کرابوو ئاستی گونجاوی و نەگونجاوی برگەکان و بژاردەکان و ئەنجامدانی هەر گۆڕانکارییەک پێیان باشە بیخەنە ڕوو شارەزایان لە کۆی (35) برگە (14) برگەیان لابرد بریتیبون لە برگەکانی ژماە (5-9-11-13-16-17-20-21-22-23-24-27-31-35) وە (21) برگە لە پێوانەکە مایەوە، توێژەر ڕێژەی (80%) وەک پارسەنگ دانابوو بۆ مانەوەی برگەکان، واتە هەر برگەیەک بۆ مانەوە پێویستی بە ڕەزامەندی (8) شارەزا هەبوو، ڕێژەی ڕێکەوتنی شارەزایان لەسەر تەواوی برگەکانی پێوانەکە بریتیبوو لە (82) کەئەمەش ئاستێکی بەرزە لە ڕاستگۆیی.

### 2.3.4.جیگیری پێوانەکە:

بەمەبەستی جێگیری پێوانەکە، ئەم ڕێگایانە گیرانە بەر

**1.2.4.3.** ئەنجامدانی تاقیکردنەوە و دووبارە تاقیکردنەوە ( Test-Re test)

لەم ڕیگایەد کاتێک پێوانەکە جێبەجێکرا بەسەر نموونەی سەرەتای توێژینەوەکە دوای ماوەیەک کە (14) ڕۆژ بوو جارێکی دیکە بەسەر هەمان نموونەی سەرەتای دابەشکرایەوە، دواتر بەهای پەیوەندی لەنێوان ئەنجامدانی یەکەم و دووەم ئاشکراکرا، ئەو هاوکۆلکە پەیوەندییەی دەستمان ئەکەوێت، ڕادەی جێگیری پێوانەکەمان نیشان ئەدات، بەم ڕێگەیە

ئەگەینە جێگیری تەواو (مخائیل و جاموس ،2007: 92). جیگیری پێوانەکە بەشێوەی ( test– retest) ئاشکراکرا بۆ جاری یەکەم لە ڕیکەوتی (5–11–2023) پێوانەکەی بەسەر (14) خوێندکاری بەشی پەروەردەو دەروونزانی دابەشکرد، کە بەشێک بوون لە کۆمەڵگەی تویژینەوەکە پێکهاتبوون لە ڕەگەزی نێرو مێ، دوای تێپەربوونی (14) ڕۆژ لە ڕێکەوتی (19–11–2023) دووبارە پێوانەکە لەسەر هەمان نموونە جێبەجێکرایەوە، دواتر پەیوەندی لەنێوان ئەنجامدانی یەکەم و دووەم لەڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسن پەیوەندی (person) دۆزرایەوە، لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی لە ئەنجامدانی یەکەم و دووەم بریتییە لە (0.93)، ئەمەش پەیوەندییەکی بەهێزە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی جێگیری پێوانەکە بەرزە هەروەک خشتەی (3) ڕوونکراوەتەوە:

خشتەی (3) جێگیری پێوانەکە

| ئەنجامدان | ژ.نمونە | ناوەند | لادان | بەهای پەیوەندی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| جاری یەکەم | 14 | 61.90 | 15.15 | 0.93 | 0.001 |
| جاری دووەم | 14 | 62.70 | 17.35 | | |

### 2.2.4.3. دۆزینەوەی جێگیری بەڕێگای (چون یەکی ناوەکی، Alpha Cronbach s) :

جێگیری بەڕێگای چونیەکی ناوەکی ئەم ڕێگایە ئاستی گونجاوی بڕگەکان لەگەڵ یەکتری دەرئەخات، واتە بڕگەکان تا چ ئاستێک هەمان بابەت پێوانە ئەکەن لە ناوەڕۆکدا (کشرود،2007: 125) دوای ئەوەی پێوانەکە بەسەر نموونەی تویژینەوەکە دابەشکرا کە ژمارەیان (150) خویندکار بوو ڕیژەی جێگیری بەم ڕێگەیە بریتی بوو لە (0.89) ئەمەش لە جێگیری ئاستێکی بەرزە.

### 5.3. تایبەتمەندی پێوانەکە بەشێوەی کۆتایی:

پێوانەی (شەرمنی کۆمەڵایەتی) بە شێوەی کۆتایی لە (21) بڕگە پێکهاتووە بژاردەی پێوانەکە بەجۆری پێنج بژاردەیە، (هەمیشە،5)-(زۆر جار،4)-(جاروبار،3)- (کەمجار،2)-(هەرگیز،1) بڕگەکانی پێوانەکە بڕگەی نەرێنین، چونکە پێوانی چەمکی شەرمنی ئەکەن، پاشکۆی (1) پێوانەی شەرمنی کۆمەڵایەتییە بە شێوەی کۆتایی.

### 6.3.دەرکردنی دابەشبوونی سروشتی و دەرئاسا بۆ پێوەرەکە:

دوای دابەشکردنی پێوانەکە بەسەر نموونەی توێژینەوەکە (Test of normality) تاقیکردنەوەکە ڕیژەی وەڵامدانەوەی نموونەکە بەشێوەی سروشتی خۆیان نیشاندەدات، بە شێوەی دابەشبوونی سروشتی لە ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوەیە دەرکەوت وەڵامی نموونەکە بۆ دابەشبونی سروشتی بەگوێرەی کۆڵمۆگرۆڤ بەڵگەدار نییە، بەڵام لە ئاستی بەڵگەداری شاپیرۆ کە بۆ باشی وەڵامدانەوەی بڕگەکان بەڵگەدارە وەک خشتەی(4)

خشتەی (4) دەرخستنی ئاستی بەڵگەداری بۆ دابەشبوونی سروشتی

| پێوانە | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری Kolmogorov | ئاستی بەڵگەداری Shapiro |
|---|---|---|---|
| شەرمنی کۆمەڵایەتی | 150 | 0.200 | 0.006 |

**7.3.ئامراز و تەکنیکە ئامارییەکان:**

لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە سود لە هەگبەی ئاماری بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان (SPSS) وەرگیرا و ئەم تەکنیکە ئامارییانە بەکارهێنران ( one sample t-test , men , standard divisionone way a nova, percentage) .

**4. ختستەڕووی ئەنجامەکان:**

لەم بەشەدا تویژەر هەوڵدەدات بە گوێرەی ئامانجەکانی توێژینەوەکە ئەنجامەکان شیبکاتەوە.

**4.1 سەبارەت بە ئامانجی یەکەم** بریتییە لە ئاشکراکردنی ئاستی شەرمنی کۆمەڵایەتی لای نمونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی: دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەبەکارهێنانی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان (SPSS) لە ڕوانگەی ئەو نمرانەی دراون، بە بژاردەکانی برگەکانی ڕاپرسییەکە ناوەندی ژمێرەی بریتییە لە (58) بە لادانی پێوەری (17.70) و دابەشکردنی ناوەندی ژمێرەی بەسەر ژمارە (21)کە ژمارەی برگەکانە دەکاتە(2.76)، کەواتە وەڵامدانەوەی نموونەکە لەنێوان (کەمجار و جاروبار)دایە، ئەوەش دەری دەخات نموونەی توێژینەوەکە ئاستی شەرمنییەکەیان نزمە وەک شێوەی (1) ڕوونکراوەتەوە:




شێوەی(1) ڕوونکردنەوەی ئاستی شەرمنی کۆمەڵایەتی لای نمونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی

دوای بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری (one sample T- Test) بۆ بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەی نموونەی توێژینەوەکە بە ناوەندی گریمانی پێوانەکە لە ئەنجامدا دەرکەوت، ناوەندی ژمێرەیی بریتی بوو لە (58) بەلادانی پێوەری (17.70)، ناوەندی گریمانی (63) لەبەرامبەر بەهای (T) کە بەهاکەی بریتی بوو (3.47) لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.001) هەروەک لە خشتەی (5) دا ڕوونکراوەتەوە، واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیدەکرێت.

خشتەی ( 5) ئاستی شەرمنی کۆمەڵایەتی لای نمونەی توێژینەوەکە

| پێوانە | ژ.نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانی | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شەرمنی کۆمەڵایەتی | 150 | 58 | 17.70 | 63 | 149 | 3.47 | 0.001 |

به گەڕانەوە بۆ ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو، ئەوەی دەردەکەوێت ئەنجامی توێژینەوەکە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (سليمان،2020) وە پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەی (عبدالحميد،2018). بەناونیشانی شەرمنی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە بەدەستهێنانی ئەکادیمی لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی لە زەقایق، بوونی ئاستیکی ناوەند لە شەرم لای نموونەی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ هۆشیاربوونەوەی بەشێکی خویندکاران پێش ئەوەی بێنە ناو زانکۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر زانکۆ و بارودۆخی ناو زانکۆ، توێژەر پێی وایە بوونی ڕێبەرەکان کە بە لێژنەی پێشوازی دەناسرێن ڕۆڵی خۆیان هەیە، سەبارەت بە نەمانی ڕاڕایی لای خوێندکارە تازە وەرگیراوەکان، چونکە لە هەمو ڕوویەکەوە کار ئاسانی بۆ خوێندکاران دەکەن، کە تازە وەرگیراون، وا گریمانە دەکات، ئەگەر ئەم ڕیبەرانەی پێشوازی لە خوێندکاران نەبوایە ئەنجامەکە بە جۆرێک دەبوو ئاستی شەرم زۆر بەرزدەبوو لای نموونەی توێژینەوەکە. لە لایەکی ترەوە ئەمڕۆ زۆربەی تاکەکان بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن و دەستیان گەیشتووە بە شێوازی ژیانکردن لە تەواوی ئەم جیهانە، ئەوەش وایکردووە زانیارییان هەبێت، سەبارەت بە ژینگەی زانکۆ، لەڕوی کۆمەڵایەتیشەوە خوێندکارانی زانکۆ لە قۆناغەکانی تر هۆشیارییەکی بەرزیان هەیەو، دەستی هاوکاری و یارمەتیان بۆ خوێندکارانی تازە وەرگیراە لە قۆناغی یەکەم کردووە.

**4.2. سەبارەت بە ئامانجی دووەم** کە بریتییە لە دۆزینەوەی پەیوەندی شەرمنی کۆمەڵایەتی بە پێی هەندێ گۆڕاوی دیمۆگرافی.

4.2.1 داهاتی مانگانەی خێزان (کەمتر لە 500000) دینار،(501000 -1000000)، سەرووی (1000000).

4.2.2.ڕیزبەندی لە دایکبوون (منداڵی نۆبەرە)، (منداڵی ناوەڕاست)، (منداڵی کۆتا).

4.2.3.فاکەڵتییەکان (پەروەردە)، (زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان)،(ئەندازیاری).

4.2.4. دۆزینەوەی پەیوەندی شەرمنی کۆمەڵایەتی بە پێی گۆڕاوی داهاتی مانگانەی خێزان:

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری(one way anova) ناوەندی داهاتی (کەمتر لە 500000) (60.88) بە لادانی پێوەری (21.3) وە ناوەندە ژمێرەیی داهاتی (501000-تا-1000000)(50.03) بە لادانی پێوەری (14.38)، ناوەندە ژمێرەیی (سەروی 1000000) (53.83) بە لادانی پێوەری (13.13)، وە بەهای (F) (1.87) لە ئاستی بەڵگەداری (0.16)، وەک لە خشتەکانی (6-7-8) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (6)بەراوردی ناوەندەکان

| داهات | قەبارەی نمونە | ناوەند | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|
| کەمتر لە 500000دینار | 38 | 71.15 | 18.58 |
| 1000000-501000دینار | 71 | 51.63 | 14.96 |
| سەرووی 1000000دینار | 41 | 56.68 | 14.94 |
| کۆ | 150 | 57.96 | 17.74 |

خشتەی (7) ئەنجامی ئەنۆڤا

| شەرمنی کۆمەڵایەتی | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی دوجا | F | Sig (2-tailed) | ئاماژەی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لەنێوان کۆمەڵەکان<br>لەناو کۆمەڵەکان<br>کۆی گشتی | 9527.350<br>37396.410<br>46923.760 | 2<br>147<br>149 | 4763.675<br>254.397 | 18.72 | 0.001 | بەڵگەدارە |

خشتەی (8)ئاستی بەڵگەداری لەلای نمونەکە بە گوێرەی گۆڕاوی داهات

| داهاتی مانگانەی خێزان | ئاستی بەڵگەداری 0.05 | Sig(2-tailed) | ئاماژەی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|
| کەمتر لە 500000دینار | 501000تا1000000 | 0.001 | بەڵگەدارە |
| | سەرووی 1000000 | 0.001 | بەڵگەدارە |
| 501000تا1000000 | کەمتر لە 500000 | 0.001 | بەڵگەدارە |
| | سەرووی 1000000 | 0.24 | بەڵگەدارنییە |
| سەرووی 1000000دینار | کەمتر لە 500000 | 0.001 | بەڵگەدارە |
| | 501000تا 1000000 | 0.24 | بەڵگەدارنییە |

بەسەیرکردنی ئەو داتایانەی لە خشتەی (6-7-8) خراونەتە ڕوو دەردەکەوێت، جیاوازی هەیە لە شەرمنی کۆمەڵایەتی و داهاتی مانگانەی خێزان، واتە ئەو تاکانەی کە داهاتی مانگانەکەیان کەمترە لە (500000) پێنج سەد هەزار دینار ئاستی شەرمنیان بەرزترە بەراورد بە تاکانەی کە داهاتی مانگانەیان لە (1000000) یەک ملیۆن دینار زیاترە. بۆ داهاتی مانگانەی (501000- 1000000) پێنج سەد و یەک هەزار دینار تا یەک ملیۆن دینار جیاوازی بەڵگەدار لەنێوان ئەم بڕی داهاتە لەگەڵ کەمتر لە (500000) پپێنج سەد هەزار دینار هەیە، بەڵام لەگەڵ بڕی داهاتی (1000000) یەک ملیۆن

دینار جیاوازییەکەیان بەڵگەدارنییە. ئەو ئەنجامەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی ( Asi 2016) بەناونیشانی ئاستی شەرمنی کۆمەڵایەتی لای خویندکارانی بەهرەمەند بەپێی هەندی گۆڕاوی دیمۆگرافی، توێژەر پێی وایە ئەو خوێندکارانەی لە خێزانێکەوە هاتوون داهاتی مانگانەیان تەنیا (پێنج سەد هەزار دینارە) بەراورد بە داهاتەکانی تری خێزانەکان ناتوانرێت، وەک پێویست پێداویستییەکانیان پربکرێتەوە لە ڕووی دابینکردنی پێداویستیەکانی خوێندن و کرینی جلوبەرگ و بوزنی ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان، تەنانەت هەندێکیان لە بەر نەبوونی بڕی پارەی پێویست بۆ سەردان و گەڕانەکان لەگەڵ هاوپۆلەکانیان بچنە دەرەوە، هەندێکیشان ناتوانن سەردانی چیشتخانە بەناوبانگەکان بکەن، ئەم نەبوونی داهاتی پێویست، خوێندکار زۆر جار خۆی بەکەم دەبینێت و لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دوور دەکەوێتەوە کاتێک خۆی بەراوردەکات، بە هاوڕێکانی هەست بە شەرمێکی زۆر دەکات.

**4-2-2 بەشی دووەم لە ئامانجی یەکەم بریتییە لە دۆزینەوەی جیاوازی نێوان شەرمنی کۆمەڵایەتی و ڕیزبەندی لە دایکبوون:**

دوای کۆکردنەوی داتاکان و بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری (one way anova) ناوەندی (منداڵی نۆبەرە) (63.27) بە لادانی پیوەری (21.31) وە ناوەندی (منداڵی ناوەڕاست) (52.97) بە لادانی پێوەری (13.06)، ناوەندی (منداڵی کۆتا) (63.62) بە لادانی پێوەری (17.80)، وە بەهای (F) (0.38) لە ئاستی بەڵگەداری (6.92) وەک لە خشتەکانی (9-10-11) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی(9)بەراوردی ناوەندەکان

| ڕیزبەندی لەدایکبوون | قەبارەی نمونە | ناوەند | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|
| منداڵی نۆبەرە | 56 | 63.27 | 21.31 |
| منداڵی ناوەڕاست | 78 | 52.97 | 13.06 |
| منداڵی کۆتا | 16 | 63.62 | 17.80 |
| کۆ | 150 | 57.96 | 17.74 |

خشتەی(10) ئەنجامی ئەنۆڤا

| شەرمنی کۆمەڵایەتی | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی دوجا | F | Sig (2-tailed) | ئاماژەی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لەنێو کۆمەڵەکان | 4040.63 | 2 | 2020.31 | 6.92 | 0.001 | بەڵگەدارە |
| لەماو کۆمەڵەکان | 42883.12 | 147 | 291.72 | | | |
| کۆی گشتی | 46923.76 | 149 | | | | |

خشتەی(11)ئاستی بەڵگەداری لەلای نمونەکە بە گوێرەی گۆڕاوی ڕیزبەندی لە دایکبوون

| ڕیزبەندی لە دایکبوون | ئاستی بەڵگەداری 0.05 | Sig(2-tailed) | ئاماژەی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|
| نۆبەرە | ناوەڕاست | 0.002 | بەڵگەدارە |
| | کۆتا | 0.97 | بەڵگەدارنییە |
| ناوەڕاست | نۆبەرە | 0.002 | بەڵگەدارە |
| | کۆتا | 0.06 | بەڵگەدارنییە |
| کۆتا | نۆبەرە | 0.97 | بەڵگەدارنییە |
| | ناوەڕاست | 0.06 | بەڵگەدارنییە |

بەسەیرکردنی ئەو ئەنجامانەی کە لە خشتەکانی (9-10-11) خراونەتەڕوو، دەردەکەوێت منداڵی نۆبەرە بەراورد بە منداڵی ناوەڕاست و کۆتا ئاستی شەرمنی بەرزترە، بەشێکی ئەو ئەنجامەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (Gular&Hazer,2022: 2224) بەناونیشانی ڕیزبەندی لە دایکبوون پەیوەندی بە دڵە ڕاوکێی کۆمەڵایەتی (شەرم بە نموونە)، وە پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەی (Crozier&Birdsey,2003; 128)، کە بەناونیشانی هەستکردن بەشەرم و پەیوەندی بە ڕیزبەندی لە دایکبوون لای خوێندکاران، بەجۆرێک جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لەنیوان منداڵی کۆتا و ناوەڕاست لە ئاستی شەرمنیان بەدی ناکرێت. ئەو ئەنجامە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە منداڵی نۆبەرە هەر لە سەرەتاوە لە پەروەدە کردنیدا زۆر پارێزکراوە بۆ دەستبردن لە شتەکانی دەوروبەری و بە جۆرێک لە خێزانەکان یەکەم منداڵیانەو بۆ هەموو شتێک دایک و باوک پاڵپشتیان کردوە نازدار پەروەردەکراوە، ئەم ناز پێدانە زۆرە لە گەورەیشدا وای لێدێت تاکێکی پشتبەخۆ بەستو نەبێت، چونکە وا هەستدەکات دەبێت لە کارەکانی هاوکارێکی هەبێت، بەتەنیا کارکردن یەکسانە بە شکست، ئەمەش وای لێدەکات لە هەموو شتێک هەست بە شەرم و نیگەرانی بکات.

4-2-3 بەشی سێیەم لە ئامانجی دووەم بریتیبوو لە دۆزینەوەی جیاوازی شەرمنی کۆمەڵایەتی و بەپێی گۆڕاوی فاکەڵتی دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری (one way anova) ناوەندی (فاکەڵتی پەروەردە) (65.47) بە لادانی پێوەری(16.63) وەناوەندی ژمێرەیی (فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان) (47.95) بەلادانی پێوری (14.20)، ناوەندی ژمیرەیی (فاکەڵتی ئەندازیاری) (56.955) بەلادانی پێوەری (17.65)، وەبەهای (F) (14.20) لەئاستی بەڵگەداری (0.001) وەک لە خشتەکانی (12-13-14) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی(12) بەراوردی ناوەندەکان بۆ گۆڕاوی فاکەڵتی

| فاکەڵتی | قەبارەی نمونە | ناوەند | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|
| پەروەردە | 61 | 57.60 | 13.85 |
| زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان | 41 | 47.45 | 14.19 |
| ئەندازیاری | 48 | 53.35 | 16.92 |
| کۆ | 150 | 57.96 | 17.74 |

خشتەی(13)ئەنجامی ئەنۆڤا

| شەرمنی کۆمەڵایەتی | کۆ دوجاکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی دوجا | F | Sig (2-tailed) | ئاماژەی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لەنێوان کۆمەڵەکان | 7600.72 | 2 | 3800.36 | | | |
| لەناوکۆمەڵەکان | 39323.03 | 147 | 267.50 | 14.20 | 0.001 | بەڵگەدار نییە |
| کۆی گشتی | 46923.76 | 149 | | | | |

خشتەی (14) ئاستی بەڵگەداری لەلای نمونەکە بە گوێرەی گۆڕاوی فاکەڵتی

| ڕیزبەندی لە دایکبوون | ئاستی بەڵگەداری 0.05 | Sig(2-tailed) | ئاماژەی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|
| پەروەردە | مرۆڤایەتییەکان | 0.001 | بەڵگەدارە |
| | ئەندازیاری | 0.021 | بەڵگەدارە |
| مرۆڤایەتییەکان | پەروەردە | 0.001 | بەڵگەدارە |
| | ئەندازیاری | 0.028 | بەڵگەدارە |
| ئەندازیاری | پەروەردە | 0.021 | بەڵگەدارە |
| | مرۆڤایەتییەکان | 0.028 | بەڵگەدارە |

لە ئەنجامی خشتەکانی ژمارە(12–13–14)دا دەردەکەوێت سەرجەم فاکەڵتییەکان ئاستی شەرمنیان لە یەکتری جیاوازە و فاکەڵتی پەروەردە بەراورد بە فاکەڵتییەکانی (زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتتیەکان و ئەندازیاری) خوێندکارەکانیان لە قۆناغی یەکەم ئاستی شەرمنیان بەرزترە، ئەو ئەنجامەش نزیکە لەهەئەنجامی توێژینەوەکەی (Hamid,2020, 1) بەناونیشانی شەرمنی لەژێر ڕۆشنای هەندێ گۆڕاوی ئەکادیمی لای خوێندکارانی ڕەگەزی مێ لە فاکەڵتی زانست، ئەنجامەکەی دەریخستبوو جیاوازی بەڵگەداری ئامار هەیە، لە پسپۆڕییە جیاوازەکانی ماتماتیک و بەڕێوەبردن، چونکە ناوەندی ژمێرەی ئاستی شەرمنی لە فاکەڵتی پەروەردە بەرزترە، توێژەر پێی وایە ئەو ئەنجامە دەگەڕیتەوە بۆ ئەوەی فاکەڵتی پەروەردە بەراورد بە فاکەڵتییەکانی تر لەکاتی وەرگرتن نمرەی کەمتری پێویستە بۆ خوێندن لە بەشەکانی ئەم هێنانی نمرەی کەمەش بەراوردکردنی خود بە خوێندکارانی هاوڕێیان لە فاکەڵتییەکانی تر جۆرێک لە هەستکردن بە کەمی و ڕاڕای و شەرم دروست دەکات لای خوێندکاران، خوێندکاران وا بیردەکەنەوە دەوروبەروو هاوڕیکانیان لە فاکەڵتییەکانی دیکە، بە کەم لە تواناو لێهاتووییە ئەکادیمییەکانیان دەڕوانن زۆرجار لە کۆمەڵگای کوردیدا هەڵبژاردنی بەشەکان بە ئارەزو حەزی تاک نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای تێکڕای نمرەی پۆلی دوانزەی ئامادەییە، خێزانەکان وا هەستدەکەن پەسەندکراوی کۆمەڵگان، ئەگەر ڕۆڵەکەیان لە بەشێکی وەک پزیشکی، یان ئەندازیاری بخوێنێ بەراورد بە فاکەڵتییەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان و پەروەردە، ڕەنگە لە ماڵەوەش جۆرێک لە سەرزەنشتکردن و لۆمەکردنی خوێندکارەکان هەبێت، بەوەی نمرەی بەرزی نەهێناوەو لە بەشێکی بەرز ناخوێنێ، ئەوەش وا لە خوێندکارەکە دەکات، هەست بە شەرم و دورە پەرێزی بکات بەراورد بە خوێندکارانی فاکەڵتییەکانی تر .

**5- دەرئەنجامەکان:**

دوای شیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەر بەو دەرئەنجامانە گەیشت:

1-نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی گشتی شەرمنیی کۆمەڵایەتیان هەیە، کە ئاستی شەرمەکەیان بەڵگەداری ئامارییە، بەڵام بە ئاستێکی ناوەندە.

2- داهاتی مانگانەی خێزان ڕۆڵی هەیە لەسەر هەستکردن بە شەرمنی کۆمەڵایەتی، بەجۆرێک ئەو تاکانەی داهاتی مانگانەیان (500000) پێنج سەد هەزار دینارکەمترە شەرمنی کۆمەڵایەتی لایان بەرزترە، لەگەڵ ئەو تاکانەی کە داهاتی مانگانەی خێزانەکانیان سەروی (500000) دینارە.

3- شەرمنی کۆمەڵایەتی بە گوێرەی ڕیزبەندی لەدایک بوون لای نموونەکە هەستی پێدەکرێت و منداڵی نۆبەرە بەراورد بە منداڵی ناوەڕاست و کۆتا شەرمنی کۆمەڵایەتی بەرزترە.

4- ئاستی شەرمنی کۆمەڵایەتی بەگوێرەی فاکەڵتی جیاوازی هەیە، واتە لە فاکەڵتی پەروەردە ئاستی شەرمنی کۆمەڵایەتی بەرزترە بەراورد بە فاکەڵتییەکانی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیەکان – فاکەڵتی ئەندازیاری.

**6- ڕاسپاردەکان:**

توێژەر لەژێر ڕۆشنای دەرئەنجامەکان ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوەی خستتە ڕوو:

1-باوان و مامۆستایان بەکارهێنانی شێوازی پەروەردەی گونجاو لەماڵ و قوتابخانە و پاڵپشت کردن و دروست کردنی بڕوا بوون، بەخود لای خوێندکاران بەمەبەستی کەم کردنەوەی شەرمنی کۆمەڵایەتی.

2- داڕشتنی پرۆگرامی ڕاوێژکاری لەلایەن بسپۆرانی بواری پەروەردەو دەروونزانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شەرمنی و کەمکردنەوەی ئاستەکانی لەنێو خوێندکاران لەسەرجەم ئاستەکانی خوێندن.

3-پێویستە خوێندکار ئاگادار بکرێتەوە لە گرنگی و بەها و ڕۆڵی خۆی بۆ ئەوەی متمانە بەخۆی دروستبکات و مامەڵە لەگەڵ شەرمنیدا بکات، لە چوارچێووەی قۆناغە جیاوازەکانی ژیاندا.

4- سەرۆکایەتی زانکۆ گرنگیبدات بە لژنەکانی پێشوازی لە خوێندکاران بە جۆرێک کە لە تەواوی بسپۆڕییە جیاوازەکان ئەندامیان هەبێت، بە تایبەت لە بسپۆری بەشەکانی (پەروەردەو دەروونزانی).

7- پێشنیارەکان:

1-ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە پالپشت بە گۆراوی تر کە توێژەر لەم توێژینەوەیە بەکارینەهێناوە

2-ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە بە سامپلی جیاواز، وەکو: (خویندکارانی خویندنگەو پەیمانگاکان).

3- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە لەلایەن توێژەرانی تر لە زانکۆکانی تری کوردستان، پاشان بەراورد کردنی ئەنجامەکانی لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە.

4- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر هەمان نموونە، بەڵام ئامرازی تێبینیکردن بەکاربهێنرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە جیاتی ڕاپرسی.

**سەرچاوەکان:**

-بدران ، عمر و حسين أحمد ، (2003) ، الشخصية الصفر ، مكتبة الايمان ، النصورة ، أمام جامعة الازهر.

-بوبكري,مسعودة ، 2019) ، الخجل و علاقة بالتوافق النفسي الدي مراهقات السنة أولي ثانوي ، جامعة الشةيد حمة لخضر.

-الخصاونة، عون.( 2012) أثر الخجل في مستوى التكيف االجتماعي والمدرسي لدى األطفال من سن (5 -6 سنوات) من وجةة نظر معلميةم. مجلة جامعة أم القرى للعلوم االجتماعية . مجلة جامعة أم القرى للعلوم االجتماعية 4(2) 150-15620-

-دانيال ، مايسة أحمد (1999) ، الخجل و بعض ابعاد الشخصية دراسة مقارنة في ضوء عوامل الجنس والعمر والثقافة ، الاسكندرية ، درا المعرفة الجامعية .

-دلة, سارة ، (2108). الخجل وعيلاقتة بالتوافق النفسي لدى تلاميذ السنة أولى ثانو ي,مذكرة لحصول عمى شةادة الماستر, كمية العموم اإلجتماعية, جامعة الجيلالي بونعامة, بخمس مميانة.

-الدليمي, اميرة مزهر حميد, العزي.احلام احمد عبدالله، (2011) الخجل الاجتماعي وعلاقته بالتحصيل الدراسي لدىطالبات معهد إعداد المعلمات, نشر في مجلة فتح التشرين.

-السبعاوي ، فضيلة عرفان، (2005) ، الخجل الاجتماعي و علاقةبأساليب العامة الوالدية ، وبعض سمات الشخصية لدي جامعه الموصل ، وأطراحة غير منشورة ، كلية التربية ، جامعة الموصل.

-سليمان، أريج تحسين،(2020) ، اخجل و علاقة بالعوامل الخمسة الكبري للشخصية لدي طلبة المرحلة الثانوية في محافضة - فلستين ، جامعة القدس المفتوحة .

-سناء ، أبو عجيلة ، (2013) فاعلية الذات والاتزان الانفعالي كمترين معدلين العلاقة بين الخجل و الكفاء الاجتماعية ( رسالة دكتورا غير منشورة ) ، جامعة القاهرة ، كلية الادب .

-عبدالحميد.نبي عبدالعزيز،(2018) الخجل الإجتماعي وعلاقتة بالتحصيل الدراسى لبعض المقررات التطبيقية لطالبات الفرقة الأولى بكلية التربية الرياضية بالزقازيق,ارتكل منشورة في مجلة بحوث التربية الشاملة, عدد2 مسلسل 4 صفحة(224-245) https://doi.org/10.21608/jsei.2018.66453 استرجع من موقع https://jsei.journals.ekb.eg/article_66453.html بالتاريخ 28-10-2023

-العربي ، رمزي، (2006) ، علم النفس ، دار الرفيق ، لبنان - مكتبة الهلال .

-كشرود، عمار الطب، ( 2007 ) . معجم الممصطلحات اإلحصائية والمنهجية فيً العلوم اإلنسانية وإلجتماعية. ط 54. البيروت: دار الجنة العربية.

-كفافي ، علاء الدين، (1994) ، معجم علم النفس والطب النفسي ، القاهرة ، دارالنقضة العربية 13-محمد ، حنان أحمد ، (2002) ، الخجل و علاقة بكل من الشعور بالوحدة النفسية وأساليب المعملة الالوالدية لدي عينة من طالبات المرحلة المتوسطة بمدينة مكة المكرمة ، جامعة أم القري ، ( رسالة ماجستير غير منشورة) .

محمد،نبال عباس الحاج(2021). خجل الاجتماعي وعيلاقته بالاكتاب لدى المراهقين، ارتكل منشورة فى مجلة Arab Journal for Scientific Publishing (AJSP) ،ISSN: 2663-5798 عدد 28 ، الصحفة(270-286).

-مخائيل، امطانيوس و جاموسي،اسر (2007) .القياس والتقويم في التربية وعلم النفس . الجموورية العربية السورية.

-النملة، عبد الر حمن(1995) دراسة تجريبية في برنامج للعالج النفسي االمسالمي لحاالت الخجل. رسالة ماجستر منشورة كلية العلوم االجتماعية، جامعة اإلمام محمد بن مسعود اإلسالمية، المملكة العربية السعودية.

-النيال, مايسة، ( 1999م). الخجل وبعض أبعاد الشخصية دراسة مقارنة في ضوء عوامل الجنس العمر والثقافة, د. ط, اإلسكندرية: دار المعرفة الجامعية.

نورعابدين, س. ع., & سحر عبده. (2017). الخجل الاجتماعى وعلاقته بالتوافق الدراسى لدى تلاميذ المرحلة الابتدائية Social shyness and its relation to school adjustment among primary school students. *مجلة الجمعية التربوية للدراسات الاجتماعية*, *14*(العدد 92 أغسطس 2017), 296-327.

-Arzit.Necolle, Pattel Mera(2023). Shyness Vs. Social Anxiety: Understanding the Difference. Article Published: January 26, 2023 acceceble throughhttps ://www.choosingtherapy.com. acceced on 2, febreuary 2024 .

Bates, R.A. and LaBrecque, B., 2020. The sociology of shaming. *The Journal of Public and Professional Sociology*, *12*(1), p.3.

Crozier, W.R. and Birdsey, N., 2003. Shyness, sensation seeking and birth-order position. *Personality and Individual Differences*, *35*(1), pp.127-134.

-Elison, J., Garofalo, C., & Velotti, P. (2014). Shame and aggression: Theoretical considerations. Aggression and Violent Behavior, 19 ,(4)447-453. https://doi.org/10.1016/j.avb.2014.05.002. Available from https://www.sciencedirect.com/ on 3-1-2024.

-Fortes, A. C. C., & Ferreira, V. R. T. (2015). The influence of shame in social behavior. Revista de Psicologia Da IMED, 6(1), 25-27 https://doi.org/10.18256/2175-5027/psico med.v6n1p25-2-i7 Available througt https://www.dovepress.com on 17october 2023.

-Franzoni, E., Gualandi, S., Caretti, V., Schimmenti, A., Di Pietro, E., Pellegrini, G., … Pellicciari, A. (2013). The relationship between alexithymia, shame, trauma, and body image disorders: Investigation over a large clinical sample. Neuropsychiatric Disease Treatment, 9(1), 185-193. https://doi.org/10.2147/ndt.s34822 avilable throught https://www.dovepress.com/the-relationship-between-alexithymia-shame-trauma-and-body-image-disor-peer-reviewed-fulltext-article-NDT on 20 november 2023.

Güler, K. and Hazer, P., The relationship between psychological birth order, social anxiety and childhood trauma.

-Hay.A. G, et al,. (2015) APA Dictionary of Psychology SECOND EDITION . AMERICAN PSYCHOLOGICAL ASSOCIATION• Washington2 DC. available through https://www.academia.edu/40596461/American_Psychological_Association_APA_Dict ionary. Zembardo. Philip -Henderson G,. Lynee Ellin(2001) Shyness, Social Anxiety, and Social Phobia, http://dx.doi.org/10.1016/B978-0-12-394427-6.00004-2available https://www.researchgate.net/publication/232436205_Shyness_Social_Anxiety_and_Social_Phobia on 2 November2023 .

-Hejdenberg, J., & Andrews, B. (2011). The relationship between shame and different types of anger: A theory-based investigation .Personality and Individual Differences, 50(8), 1278-1282.

https://doi.org/10.1016/j.paid.2011.02.024 avilable through https://www.sciencedirect.com on 10 december 2023.
-Hughes, Kathleen & Cplan, Robert, J (2010). Exploring processes Linking Shyness.
HAMID, N.H.M., 2020. SHYNESS IN THE LIGHT OF SOME ACADEMIC VARIABLES AMONG THE FEMALE STUDENTS OF THE FACULTY OF SCIENCE AND ARTS. *Multi-Knowledge Electronic Comprehensive Journal Foe Education and Science Publication (MECSJ)*, *39*. -Leeming. Dawn (2003) Shame as a Social Phenomenon, Mary Boyle, University of East London.
-Migalski. Leigh Johnson, et al,. (2017) Gemeinschaftsgefühl, social feeling, community feeling, http://dx.doi.org/10.1007/978-3-319-28099-8_631-1 from research gate available through https://www.researchgate.net/publication/317173745_Social Interest on 29-11-2023.
Van Vliet, K. J. (2008). Shame and resilience in adulthood: A grounded theory study. *Journal of counseling psychology*, *55*(2), 233.
-Zimbardo, Ph. & Henderson, Lynne (1996). Shyness, Palo Alto Shyness clinic, U.S.A, (http: 11 W.W.W Shyness. com) acceceble through http://shyness.com/wp-content/uploads/2010/shyness-social-anxiety%20and%20social-phobia.pdf acceced on 20 janyuary 2024 .
-Zimbardo, Ph. & Henderson, Lynne(2001). **Shyness, Social Anxiety, and Social Phobia** , (http://dx.doi.org/10.1016/B978-0-12-394427-6.00004-2) available through < https://www.researchgate.net/publication/232436205_Shyness_Social_Anxiety_and_Social_Phobia > acceced on 20March 2024 .
-ZMBORDO › A (1997)Academic Achievement in Childhood. School Psychology Quarterly, PP 3›373V25 (4).

**Social Shyness among First Year Students of Koya University in the Morning according to some Demographic Variables for the Academic Year (2023-2024)**

**Shahen Raoof Awla**
Psychology and Education Department, Faculty of Education, Koya University Koya/ Erbil, Kurdistan/Iraq
Shahen.rawf@koyauniversity.org

**Abstract**
The aim of this study is to reveal the level of social shyness among the sample in general, to find differences in the level of social shyness according to some groups Demographics such as (monthly household income, birth order, faculty), the research method is descriptive comparative survey data collection tools (Sulaiman, 2020). The study population consisted of (598) first year students in Koya University. The sample of the study was (150). Students in the first grade who are selected in an equal gender hierarchy, which is (% 25) The research community participated in the study. Statistical techniques (mean, standard deviation (SD), independent sample test, a nova, normality test, outlier) were used ،the result show that the sample had a low level of shyness that fell between the options (occasionally-often However, there is statistically significant difference between social shyness and other demographics, social shyness is higher among students with a monthly income of less than 500,000 dinars compared to 1,000,000 and more than 1,000,000 dinars. Social shyness is higher among firstborn children than middle and last children and the Faculty of Education, in the light of the results, Researcher presented several recommendations and suggestions.
**Keywords**: Social shyness, student koya university, first stage, Demographic variable

**الخجل الاجتماعي لدى طلبة المرحلة الأولى جامعة كويه صباحا في ضوء بعض المتغيرات الديموغرافية للعام الدراسي (2023–2024)**

**شهين رؤوف عولا**
**قسم التربية وعيلم النفس, فاكلتي التربية, جامعة كوية,كيسنجق–اربيل,كوردستان,العراق**
Shahen.rawf@koyauniversity.org

**الملخص**
هدف البحث الى التعرف على مستوى الخجل الاجتماعي لدى عينة البحث بشكل عام و ايجاد الفروق الاحصائية بين المتغيرات الديمكرافية ، استخدم الباحث المنهج الوصفي المقارن لجمع البيانات ،بالاعتماد على مقياس (سليمان 2020) و الذي تكون من (21) فقرة بصورته النهائية ،حيث تم تطبيقه على عينة البحث البالغ عددها (150) طالب من طلاب المرحلة الاولى من جامعة كويه من مجموع الطلاب الكلي و البالغ عددهم (598) طالب ، حيث اعتمد الباحث على نسبة (25%) من المجموع الكلي ، و بأستخدام المتوسط، الانحراف عن المتوسط، اختبار (ت) لمجموعة واحدة مستقلة، تحليل التباين (ANOVA)، الاختبار العادي) كوسائل احصائية لتحليل البيانات توصل الباحث الى النتائج التالية : جاء مستوى الخجل بشكل منخفض بين الطلاب وكان هناك فرق ذو دلالة إحصائية بين الخجل الاجتماعي والمتغيرات الديموغرافية وكان الخجل الاجتماعي أعلى لدى الطلبة ذوي الدخل العائلي الشهري أقل من 500000 دينار مقارنة للطلبة ذوي الدخل العائلي الشهري 1,000,000 دينار كان الخجل الاجتماعي أعلى لدى الأطفال البكر منه لدى الأطفال المتوسط والأخير وكان الخجل الاجتماعي لدى طلاب كلية التربية أعلى منه لدى طلاب كليات العلوم الإنسانية والاجتماعية وكلية الهندسة .
**الكلمات المفتاحية:** الخجل الاجتماعي,طلاب الجامعية, مرحلة واحدة, المتغيرات الديموغرافية.

## پاشکۆی (1)

### پێو انەکە بە شێوەی کۆتایی

| ژ | بڕگەکان | هەمیشە | زۆرجار | جارو بار | کەمجار | هەرگیز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | هەست بەدوودڵی دەکەم کاتێك لەگەڵ کەسانێك دەبم باش نایانناسم. | | | | | |
| 2 | خۆم بەدوور ئەگرم لە قسەکردن لەگەڵ کەسانی نامۆ لەترسی ئەوەی نەوەك شتێك بڵێم ئاماژە بێت بۆ نەزانین یان نا شارەزایی. | | | | | |
| 3 | من لە کاتی قسەکردندا لەگەڵ خەڵکی بە تەکتیك نیم. | | | | | |
| 4 | قورسە لەسەرم داوای یارمەتی لەکەسانی تر بکەم. | | | | | |
| 5 | بۆ من قورسە بەشێوەیەکی ئاسایی مامەڵە بکەم کاتێك لە ناو کۆمەڵێك کەس دام. | | | | | |
| 6 | زۆر قورسە بەشێوەیەکی سادە مامەڵە بکەم کاتێك بۆ یەکەم جار کەسانێك دەناسم. | | | | | |
| 7 | هەست بەشەرم دەکەم کاتێك کەسانێکم لەدەورە نایانناسم. | | | | | |
| 8 | روخسارم سوور دەبێتەوە لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەم لەگەڵ کەسانی تردا. | | | | | |
| 9 | گومانم هەیە کەسانی تر حەزبە برادەرایەتی من یان تێکەڵاویم بکەن. | | | | | |
| 10 | هەست بە شڵەژان دەکەم کاتێك بە کەسانی نوی دەناسێنرێم. | | | | | |
| 11 | قورسە لەسەرم قسە لەگەڵ کەسانی نەناسراو بکەم | | | | | |
| 12 | هەست بەشەرم دەکەم کاتێك روبەروی ڕەگەزی بەرامبەر دەبمەوە | | | | | |
| 13 | لە کۆبوونەوە کۆمەڵایەتییەکاندا هەست بە ناڕەحەتی دەکەم. | | | | | |
| 14 | لە شوێنە قەرەباڵغەکان لەو کەسانە دەترسم گە نایانناسم | | | | | |
| 15 | کاتێك لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر قسەدەکەم ئارەقە دەکەم و دەلەرزم. | | | | | |
| 16 | هەمیشە پێویستیم بە کەسێکە پشتگیریم بکات. | | | | | |
| 17 | دوو دڵم بۆ ئەوەی پرسیار لە مامۆستا بکەم لە کاتی دەرسەکاندا. | | | | | |
| 18 | عارەقە دەکەم ئەگەر داوام لێبکرێت لەبەردەم خوێندکارەکاندا قسە بکەم. | | | | | |
| 19 | ئەگەر درەنگ گەیشتم دوودل دەبم لە چونە ژوورەوەم بۆ هۆڵی خوێندن. | | | | | |
| 20 | هەست بە ناڕەحەتی دەکەم ئەگەر ناچاربم بچمە شوێنێکی گشتی بە تەنیا مامەڵەبکەم لەگەڵ ئەوکەسانەی لەوێن. | | | | | |
| 21 | هەوڵدەدەم لەبەرچاوی مامۆستا نەبم لەکاتی دانیشتن و کۆبوونەوەکان. | | | | | |